

ئایە شیروان

رۆحی ئاوێنە

Mirror Spirit

PosterMyWall.com
MIND_AND_I
Getty Images
NOTE: Watermark not on Purchases

ناوی کتێب : ڕۆحی ئاوێنە

نوسەر : ئایە شیروان

بابەت : کورتە چیرۆک

ژمارەی لاپەرە : 107

دیزاین : ئایە شیروان

لەبەردەم کەناردەریاکەدا سەیری دیمەنی
خۆرئاوابوونم دەکرد . هەرکاتێک هەستم بە
ماندووبوون یان هەستم بە
دڵتەنگ دەکرد دەچووم بۆ سەر کەنار دەریاکە ،
ئەمرۆش کە کۆتایی وەرزی گەڵا ریزانە لە پڕ هەستی
دڵمان دای گرتم ، دەنگی شەپۆلی دەریا و جریوە
جریوی باڵندەکان و دیمەنی خۆرئاوابوونەکە کەمێک
ناخمی ئارام کردمەوە ، دواتر نوقمی خەیاڵ و
بیرکردنەوەکان لەم جیهانە دوورکەوتمەوە، بەڵام لە
لەناکاو بەئاگاهاتمەوە لە بە هۆی ساردی ئاوەکەوە و
پارچە بەردێک کە لەگەڵ جوڵەی شەپۆلەکەدا خۆی
دەکێشا بە لاقمدا قیچکێک پاشەکشێم کرد بۆ دواوە
بەڵام ئەو پارچە بەردە کە وام دەزانی بەردە ئاوێنە
بوو قیچکێک ترس و بەدگومان بووم ، چونکە ئاوێنە
لە ناو دەریادا چی دەکات !؟ .سەیرێکی دەور و پشتم

کرد کەسی لێنەبوو تاریکی باڵی بەسەر ئاسماندا کێشابوو ، بە ترس نزیکی ئاوێنەکە بوومە وە و دەستم بۆ ئاوێنەکە برد لەهیکەوە تیشکێک لە ئاوێنەکەوە دەرچوو . کەمێک ترس و دڵەراوکێ بووم ، دەستێکم لێدا لە رووە سافەکەی و لە هیکەوە دوو چاو لە رووەکەی کرانەوە ، تووشی شۆکبووم هەرگیز نەم بینیبوو کە ئاوێنەش چاوی هەیە ، بە دڵجیچکێکەوە پێم ووت : تۆ کێیت !؟ ئایا تۆ ئاوێنەیت یان مرۆڤ !؟

ئاوێنەکە جوابی دامەوە و ووتی : من نە ئاوێنەم نە مرۆڤ بەڵک و ئاوێنەی جادوویم.

خەریک بوو کۆنترۆڵی خۆم لەدەست بەم و ئاوێنەکە فڕێ بەمە خوارەوە بەڵام زۆر مەراقم بوو کە چۆن ئاوێنەی جادووی هەیە! چۆن تواناى قسەکردنی هەیە !
هەنگینێ لێم پرسی : ئاوێنەی جادووی چییە !؟
وتی : ئاوێنەی جادویم ١٠٠٠ ساڵ جارێک گەشتێکی سەر زەوی دەکەم و تەنها خۆم پیشانی ٧ کەس دەدەم و داواکاریەکانیان جێبەجێ دەکەم ، کە بینیمی لەسەر ئەم کەناردەریایە بەتەنهایت ئەو دەرفەتەم قۆستەوە و هاتم بۆلات کە چ داواکاریەکت هەیە من بۆتی جێبەجێ بکەم ، ئێستە گەنجە لاوەکە داواکاریەکە و بێژە .
بە ئاوێنەکەم وت : ئاخر زۆر دڵجیچکم خەڵوەتدا یان لە خەوندا نەبم !؟

وتی : مەترسە گەنجۆ من نە جنۆکەم نە ڕۆحم بەڵکو ئاوێنەیەکی جادویم ، ئێستا بەپەلە داواکاریەکەم پێبڵێ
.
کەمێک ترسەکەم رەویەوە بەڵام هێشتا هێدمەکە
بەری نەدا بووم بۆیە وتم : من ٣ داواکاریم هەیە کە
* بمکە بە دەوڵەمەندترین مرۆڤ
*بمکە بە جوانترین پیاو
*ژیانێکی نەمرانە و بێکۆتاییم هەبێت
ئەم داواکاریانەم بە ئاوێنەکە ووت و رازی بوو
وێجا گوتی : داواکاریەکانت زۆر ئاسانە ، دەست بدە لە رووی ئاوێنەکە و چاوم. دەبمە جانتایەک پارە و کۆتایی نایەت و سەر و سیمات جوان و قیت و قۆز

. دەبیت و ژیانێکی بێکۆتات دەبێت
زۆرم پێخۆش بوو لە دڵی خۆمدا ووتم : خودا دەرگای
بەختی لێکردومەتەوە ئەگینا بۆ ئەم رۆژە رۆژی
سەردانکردنی ئاوێنەی جادوییە!؟ و منی لە حەوت
ملیار مرۆڤدا بۆ هەڵبژاردووە! ، کە منداڵبووم نەنکم
سەبارەت بە ئاوێنە و ئەفسانەی چیرۆکەکانی
سەبارەت بە ئاوێنە دەگێرایەوە و شەوانە ئامۆژگاری
دەکردین کە پێش خەوتنمان تەماشای ئاوێنە نەکەین
و روویان وەرگێرین چونکە وایان دەزانی کە ئاوێنەکە
ڕای بکێشن یان جن و خێوی لێوە ببینن ! ،لەم
: خەیاڵاتانە ئاوێنەی جادوی رایچڵەکانم و ووتی
چاوەڕێی چیت ، دەست لە رووەکەم بدە و با
داواکەت جێبەجێ بکەم

دەستم درێژکرد بۆ رووی و پاشان وەستام و کەمێک
بیرم کردەوە بە خۆمم ووت : جوانی شتێکی کاتییە و
هەموو مرۆڤێک بە جوانی ئافەردێنراوە ، و
دەوڵەمەندیم بۆ چییە لە کاتێکدا کە بە رەنجی شانی
خۆم نەبێت و لە کاتێکیشدا خۆم دەوڵەمەند و خاوەن
سامان بم ! . وێجا من تەمەنی نەمرانە و بێکۆتام
بۆچییە لە کاتێکدا کە کەسەنزیکەکانم و ئازیزەکانم
مەرگیان ببینم و دڵنیاش بووم کە سوودبەخش و
خۆش نییە ئەگینا هەمووومان ژیانمان بێکۆتا دەبوو .
لەو سۆنگەوەی بە ئاوێنەم ووت : لە ٣ داواکەم
پاشگەزدەبمەوە لە جیاتی ئەوە بمکە بە ئاوێنە و
گەشتێکی ناو ماڵەکان بکەم و لە ژیانی مرۆڤەکان و
لە حاڵ و گوزەرانیان تێبگەم .
ئاوێنەکە بە بیستنی ئەمانی قیچکێک بێدەنگبوو وێجا
ووتی : باشە گەنجۆ بڕیارەکە و زیرەکانە بوو .

بەڵام تەنها بۆت هەیە ٧ جار لە گەشتەکەت.
بەردەوام بیت ئەم داواکاریەت نەمرانە و بێ کۆتا نییە
بە ڵکوو کۆتایی دێت ! لەگەڵ وتنی کۆدێک بۆ ماوەی
٧ جار دەتوانی رەگەزی بنچینەی مرۆڤ بوونت
بگۆڕیت بۆ پارچە شوشەیەکی ئاوێنە ، نها ئەگەر بە
رازەکەم رازیت فەرموو دەست بدە لە رووەکەم و
١ . کۆدی ژمارە ٣١١٢ بیژە

به رازەکەی رازی بووم چونکە دەم زانی بڕیارێکی.
ژیرانەم داوە و پەشیمان نەبووم دەمویست ببم بە
ئاوێنە ! بریارێکە زۆر سەرکێشیانە بوو چونکە نەم
دەزانی داخۆ دوای گەشتەکە بە زیندویەتی
دەمێنمەوە یان نا ، بۆیە تاڵووکە دەستم برد بۆ
رووی و چاوەکانی داخست و کۆدی ژمارە ٣٢١٢ وت ،
لەگەڵ وتنی کۆدەکە تیشکێکی بەرەو رووی ئاوێنەکە
وەرکەوتم .



یەکەم گەشت

وێجا لە دوای ئەو هەموو ڕاکێشانە بەهۆش خۆم هاتمەوە بەڵام هەستم بە لاقم و دەستم و لەشم نەدەکرد چونکە نها من گۆرانی سەر و سیمام بۆ جۆرێکی ترە هەروەها من ئاوێتەبوون وتێکئاوساوملەگەڵ ئاوێنەدا ، هەستێکی سەیرە ئێستا من سەر و سیمام گۆڕاوە و لە ڕەگەمام گۆڕاوە و بووم بە ئاوێنە ! ، نها من لە ژوورێکی گەورە و فراوانم بەڵام تاریک و نامۆ کە هیچم نەدەدیت ، بەڵام لە هیکەوە گوێم لە دەنگە دەنگێک بوو سەرەتا دەنگەکە کەموسکە لێمەوە دووربوو بەڵام تا دەهات وردە وردە لێم نزیک دەبووەوە .

پیاوەکە بە هاوسەرەکەی دەووت : نەخێر، شتی وانییە ! من قبوڵی ناکەم ! نابێت بەم جۆرەبێت .

ژنەکەش دەیووت : ئێ ..چیبکەم پیاوەکە بە دەست خۆم نییە ئەمە دوو جارە خودا منداڵی کچمان دەداتێ ، ئێ خۆ عەیب نییە و ناشرینیش نییە کە کچت هەبێت !

پیاوەکە زۆر توورەبوو ووتی : بۆ ئەتەوێت چەشووڕیم (حەیاو ئابڕووم) ببەیت ! هەموو کەسێک پێم دەڵێت چۆن پیاوێکی گەورەی وەک تۆ منداڵی نێرینەی نییە !! ، من ناتوانم بەرگری لەم شتانە بکەم ، بۆیە برۆ ئەم منداڵە نەفرەتیەو لە ناوببەو لەوێوە نەیەیتەوە ماڵەوە بڕۆ بۆ ماڵی باوکت.

.

ژنەکە بەدەم گریانەوە ووتی : ئاخر تاوانی من چییە !؟ بۆ بڕۆم بۆ ماڵی باوکم ! منداڵی مێینە چ جیاوازیەکی لەگەڵ کوڕدا هەیە !؟ بۆ من مێینە نیم !؟ کەواتە بەقسە و بر و باوەڕی تۆ ببوایە ئەبوایە من لەدایک نەبوومایە !

پیاوەکە بوقداری(پاڵپێوەدانی بەهێز دا لە ژنەکەو ووتی : بەسە ! وتم برۆ بۆ ماڵی باوکت یانی بڕۆ ، ئەچم مێینەیەک دەدۆزمەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم تا منداڵێکی نێرینەی کوڕم بداتێ نەک ، منداڵێکی مێینەی کچی لاوازی بێدەسەڵآتی چاوا تۆ !

ئەم قسانای وت و رۆیشتە دەرەوە .

من لەم نێوەندەدا دەسەڵاتم هیچ نەبوو ، نەم دەتوانی بەرگری لەو ئافرەتە بکەم و بەو پیاوە بڵێم {ئەی پیاو بە چییەوە دەنازی ! . لە کاتێکدا کە تۆ لە مێینەیەک لە دەیک بوویت و دایک و خوشک و هاوسەرەکەت . ئافرەتن ! منداڵ دیاری خودایە و فەرق چییە لە نێرینە و مێینە ! بۆ بە ئافرەتەکان دەڵێیت ژنی شەپڵەدار! لەبەر ئەوەی سەرپاک کارە قێزەونەکانی تۆی پیاو قبووڵی دەکات ! ، تەنها لەبەر قسەی خەلکی ئامادەی لێکهەڵبڕان لەگەڵ ئەو ئافرەتە میهرەبانە بکەیت ! بۆ تۆ ئافرەت بە کەل و پەل تێگەیشتویت !

ئەم ویست پڕ بە دەنگم هاوار بکەم بەڵام
بەداخەوە توانای قسەکردنم نەماوو ، و
هەروەها ئاشکرابوو کە ئێستا من مرۆڤ
نەبووم بەڵک و ئاوێنە
ئەفرەتەکە هەر دەگریا پاشان بە دڵمانێکی
زۆر جل و بەرگەکانی کۆکردەوە و هات
بەرەو رووم و تیفتیفەدانی خۆی کرد بە
مەبەست ئەو شین بوونەوەیەی لا چاوی و
ئاوسانی بیچمەی نەمێنێت ، وێجا
ژوورەکەی بەجێهێشت و رۆیشت

منیش بە تەنها مامەوە بۆیە بریارمدا لەم
ماڵەدا بڕۆم چوونکە ئەم رووداوە زۆر
کارییگەری لەسەر بەجێهێشتم و قێزم لە
پیاوەتی خۆم دەکردەوە و بەرگەی ئەو
ستەمکاری ئەو نێرینەیەم نەدەگرت ، بۆیە
تاڵوکە کۆدی ژمارە ٣١١٢ وت



گەشتی دووەم

له گەشتی یەکەم زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو چاوا کابووسێک بوو ، نەم دەزانی پیاوە لەم جۆرەش هەیە ! ، چوونکە من باوکێکی باشم هەبوو خۆشم کورێک بووم هەرگیز نزیکی ئافرەت و کچ نەدەبوومەوە و ئارەزوو نەبوو لێیان ، هەرگیز لە ئازارەکانیان و لە خۆراگری تێنەدەگەیشتم ، کە سەرنجی دەورووبەری خۆمم دەدا شەوسانێکی گەلێک گەورە و جوان بوو ، ئافرەتێک لەسەر پێخەفەکەی راکشا بوو و ژوورەکەش جگە لە مێینەکە کەسی تری لێ نەبوو ، دوای چەند کاتژمێرێک لە تێفکردنەوە لە کە ببڕای بیرم لە بوون بە ئاوێنە نەدەکرد و ببڕای لە ئازارەکانی ئافرەت تێنەدەگەیشتم

و بیرم لەو ئافرەتەی یەکەم گەشتم دەکردەوە کە تۆ بڵێی ئێستا چی کردبێت !؟ ئایا منداڵە کچەکەی کوشتووە ؟! چوونکە لەگەڵ ئەنجامدانی کاری کوشتاریدا هیچ جیاوازیەکی نەبوو !، لە هیکەوە گوێم لە زەنگی دەرگا بوو ، سەیری دەمژمێرەکەم کرد کە لە دوورەوە لێم دیاربوو دەمژمێر ٢:٣٠ نیوە شەو بوو ، ئافرەتەکە بە تاڵووکە چوو بەرەو رووی دەرگاکەو دەرگاکەی کردەوە ، هەر لەگەڵ کردنەوەی دەگاکەدا ، دەنگەدەنگێکی زۆر هات ، ژنەکە بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ژووردا و بە پیاوەکەی ووت : من تۆم ناوێت ! بۆ وازم لێناهێنیت !؟ بۆ بەم شەوە هاتووی !؟ چیت لە گیانم ئەوێت !

پیاوەکە سەرخۆش دیار بوو بەڵام بیچمێکی پتە و بەهێز ی هەبوو ، وێجا ووتی : تۆ... ت..تۆ ژنی منی و بۆت نییە بە من بڵێیت کە لێکهەڵبڕاوین ، ئەبێ قبووڵی بکەیت کە ژنم بەسەر هێناویت !
ژنەکە بە گریانەوە وتی : ئەبێ باجی کارەکانی تۆ هەموو قبووڵکەم ! نەخێر من ڕازی نیم هاوسەرێکی چاوا تۆم هەبێت کە ڕێزم نەگرێت و هەمیشە بم چەوسێنێتەوە !، ئەی لە دادگا باسی چیمان کرد !
پیاوەکە ززلەیەکی لە ژنەکە داو ووتی : من تۆ ئەکوژم ! گەمژە بە دادگا و بە یاسا بۆ خۆی قسە بکات ، من مافم هەیە چی دڵم بیخوازێت وات لێبکەم ، تۆ ژنی منی ئەبێت قبووڵیبکەیت بکایت !

ژنەکە ووتی : ،برۆ وازم لیٚ بهێنە نەفرەتی ،
من تۆم ناوێت ، ئەگەر نەرۆیت تەلەفوون بۆ
کاکەم دەکەم !
وێجا ژنەکە دەستی برد بۆ تەلەفوونەکەی
بەڵام پیاوەکە مۆبایلەکەی لە ژنەکە سەند وبە
دەنگێکی زۆر بەرز هەر جنێوی بە ئافرەتەکە
دەدا ، سەرپاکی دراوسێکانیان هاتنە دەرەوە و
لەماڵی کچەکەدا بوون بەڵام کەس قسەی
نەدەکرد ، تا ئەو کاتەی کە ژنەکە بە پارانەوەوە
داوای لە خەلکەکە دەکرد کە پیاوەکە ببەنە
دەرەوە تا رزگاری بکەن ، خەڵکەکە پیاوەکەیان
برد بۆ دەرەوە ، دوای تەواوبوونی ئەو رووداوە
ژنەکە دەرگای ماڵەکەی داخست و بە
گریانەوە هەر گلەی لە بەختی خۆی دەکرد و
دەی ووت:

من لە ژنەکە تێگەیشتم کە چۆن گیری خواردووە بەدەست ئەم مێردەیەوە ، بەراستی زۆر دڵمەند بووم بەو رووداوە و ، هەر سەرزنشتی خۆمم دەکرد کە گوایە نەم توانی رێگە چارەیەک بۆ ئەو ئافرەتە بێتاوانە دانێم ، بۆیە کۆدی ٣١١٢ لێدا و بڕیارم دا سەردانی ماڵێکی تر بکەم ،



گەشتی سێیەم

ئەم ژیانە لە کێشە جۆراو جۆرەکانی تەواو
نابێت ، هەمیشە ناخۆش و ئاستەمەکان
رووبەروت دەبنەوە ، بەڵام بۆ زیاتر
رووبەرووی ئافرەت دەبنەوە !؟ ئایا پەیوەندی
بە کلتورمانەوە هەیە !؟ یان پەیوەندی بە
خوودی کەسەکانەوەیە !؟ نەم دەزانی لەم
گەشتانەی کە ماومە چاوا دوو گەشتەکەی تر
دەبێ یان نا ، بە ئاواتەوە دەمەوێت زوو لەم
گەشتەم تەواو بم ، ئەمە سێهەمین گەشتمە
ئەم جارەیان لە ماڵێکی تردام کچێک و ژنێکم
دەدیت کە ژنەکە بە تەمەن درشتتر بوو لە
کچە لاوەکە ،

تەواوی ڕۆژەکە بێکەوە کاریان دەکرد ماڵەکە زۆر درشت و چەلەنگ بوو و دیزاین خانووەکە وا کرابوو کە پڕ بوو لە ئاوێنە ، منیش لەگەڵیانیان لەم ژوور بۆ ئەو ژوور بە دوایانەوە بووم ، کچەکە لەگەڵ ژنەکە زۆر میهرەبان بوو هەردەم بە دایە بانگی دەکرد منیش وام وێنا دەکرد کە لەوانەیە دایک و کچبن ، ڕۆژ کۆتایی هات و شەو داهات من بە نزیکەی سێ ڕۆژ دەبوو کە لەم گەشتەدا بەردەوام بووم هیچ هەستی مرۆڤ بوونم نەمابوو وەک خەوتن و خواردن و هیلاک بوونم هەست پێنەدەکرد ،

هەستێکی سەیرم هەبوو چاوا لە مردوویەک
دەچووم ! ، لەگەڵ هاتنی شەودا لاوێکی گەنج
کە هاوتەمەن بوون لەگەڵ کچە گەنجەکەدا
کوڕێکی چەلەنگ و بیچم جوانێک بوو ،
لە خێزانێکی بچووک پێکهاتبوون و
بەختەوەریش دیار بوون ، من وێجا زانیم ئەو
ژنە کە کچەکە بە دایە بانگی دەکات و
میهرەبان بوو لەگەڵی دایکی خۆی نەبوو
بەڵکو دایکی مێردەکەی بوو ، کاتی خەوتن
هاتماڵەکە بێدەنگ بوو سەرپاکیان
خەوتبوون منیش بە تەنها هەر بیرم
دەکردەوە دەم ووت تۆ بڵێیت باوکم خەمی
منی بێت !؟

کۆتا جار کە چوومە دەرەوە لە ماڵەوە پێم ووت هەوایەک لە کەناردەریاکە هەڵدەمژم نها خەمی منێتی ، کاتژمێر بوو بە ٣:٣٠ شەو لەهیکەوە گوێم لە دەنگی کەسێک بوو کە لە ژووەکە دەهاتە دەرەوە منیش لە ئاوێنەی ژووری دانیشتەکە چوومە هۆڵەکە و بینیم پیاوەکە گۆشە یەکی ژوورەکە خەریکی تەلەفوونکردن و قسەکردنەوە

پێم سەیر بوو کە چۆن بەم کاتە ئەم پیاوە تەلەفوون دەکات ، نیو کاتژمێر هەرخەریکی قسەکردن بوو و گوێم لە قسەکانی بوو کە دیاربوو لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا قسەدەکات ، وێجا تەواوبوونی تەلەفوونەکەی چووە ژوورەوە ، بۆ بەیانیەکەی پیاوەکە زۆر ئاسایی بوو ژنەکەشی لەگەڵیدا زۆر میهرەبان بوو ، رۆژ تا ئێوارە هەر ئیشی دەکرد

نزیکەی دوو ڕۆژ بەو شێوەیە چاودێریم
دەکرد ، سەرپاک شەوێک پیاوەکە لە
هەمان کاتدا لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە
قسەی دەکرد و هۆگری خۆی دەکرد و
لە ئیرادەی کەم دەکردەوە بەو قسە
ڕۆمانتیکانەی کە لەگەڵیدا دەی کرد ،
ڕۆژی سێهەم لە گەشتی سێهەممدا
خەریکبوو بێزار دەبووم لە سەیرکردنی
ئەم کارە قێزەونە بۆیە بریارمدا هەتا
سبەی بەیانی لەگەڵ شەبەقدا گەشتی
سێهەمم بەجێبهێڵم

نزیکەی دوو رۆژ بەو شێوەیە چاودێریم
دەکرد ، سەرپاک شەوێک پیاوەکە لە
هەمان کاتدا لەگەڵ ئافرەتێکی دیکە
قسەی دەکرد و هۆگری خۆی دەکرد و
لە ئیرادەی کەم دەکردەوە بەو قسە
رۆمانتیکانەی کە لەگەڵیدا دەی کرد ،
ڕۆژی سێهەم لە گەشتی سێهەممدا
خەریکبوو بێزار دەبووم لە سەیرکردنی
ئەم کارە قێزەونە بۆیە بریارمدا هەتا
سبەی بەیانی لەگەڵ شەبەقدا گەشتی
سێهەمم بەجێبهێڵم

شەو داهات پیاوەکە چاوا شەوانی رابردوو خەریکی تەلەفوونکردن بوو ، بەڵام ئەمشەو ژنەکە هەستی بە کارە قێزەونەکەی مێردەکەی کردبوو بۆیە ژنەکە جووە قیچکێک گوێی دەگرت و وێجا چووە رووی پیاوەکەو پێی ووت : ئەوە بەم شەوە لەگەڵ کێدا قسەدەکەی !؟ پیاوەکە زۆر شلەژاو و پەشۆکابوو بۆیە ووتی : لەگەڵ کەس گیانەکەم ،

ژنەکە ووتی : ئادەی مۆبایلەکەم بدەری ،
پیاوەکە مۆبایلەکەی دا بە ژنەکە دووای
ئەوەی ژنەکە زیاتر بۆی روونبۆوە کە
لەگەڵ ژنێکی دیکەدا قسەداکات و ووتی:
بۆچی لەگەڵ کچی تردا قسەدەکەیت و
ماڵی ئەویش وێران دەکەیت !؟ ئەوە نییە
ژنت هەیە ! چی لە ژنی تر دەکەیت !؟ بۆ
کچی تر هۆگری خۆت دەکەی ؛..
پیاوەکە پێی ووت:

ئەو ئافرەتە ژنی منە ونزیکەی ساڵێکە هاوسەرگیریمان کردوو و خەلکی ئێرە نییە و هەمان زمانمان نییە بەڵام من خۆشم ئەوێت ئەگەر ساچانی دەکەی بیکە ئەگینا برۆرەوە ماڵی باوکت !

کچەکە دەستی کرد بە گریان و ووتی: یانی منت بەدڵ نییە !؟ من چەلەنگ نییم !؟

یان لەوانەیە خەتاکە لە منەوەبێت کە
چەند تۆم خۆشدەوێت و لەگەڵتدا
میهرەبانم ! ، ناچم بۆماڵی باوکم
چوونکە چ بەئەوان بڵێم !؟ ئەی چ بە
خەڵکی بڵێم !؟ ناڵێن لەسەر چی
لێکهەڵبڕاون !؟ چەشووڕیم نامێنێت !!!
پیاوەکەش ووتی : دەی کەواتە قسە مەکە
و ساچانی بکە ،
ژنەکەش بە گریانەوە وتی : باش .
بەم قسەکردنەیان نش بووم ! تۆ خیانەت
ساچان بکەی لەبەر قسەی خەلکی ! هەتا
کچن زوو هاوسەرگیری دەکەن لەبەر
ئەوەی وشەی {قەیرە } یان بەسەردا
نەسەپێت

که هاوسەرگیریش دەکەن لە
هاوسەرەکەیان لێکهەڵنابرن ئەڵێن با
وشەی {تەڵاقدراوە}م بەسەردا نەسەپێت ،
بەراستی ژیانێکی سەیرە ! لێرەدا ئەقڵێتی
ژنەکە و مێردەکە کەمووسکە لە دنیا
تێگەیشتون ، گەلێکم پێناخۆش بوو ، رۆژ
بە تەواوی پرشنگی خۆی دابوو لە زەوی
پیاوەکە لە خەوهەڵسا ژنەکەش بە دوایدا
و قاوەڵتی بەیانیانیان کرد ، کاش و
هەوای ماڵەکە چاوا دوێنی بوو ، کچەکە
هیچی لەلای دایکی کوورەکە باس ناکرد
نەوەک چەشووری نەمێنێت !،
پێش چێشتەناو گەشتی سێهەمم کۆتایی
پێهێنا لەگەڵ ووتنی کۆدی ٣١١٢

گەشتی چوارەم

چوارەم گەشتمە و ٧ ڕۆژمە لەم گەشتە سەرسوڕهێنەرەدا ، لێرەوە دەست بە گەشتی چوارەم دەکەم کاتێک کە ژنێکی بەتەمەن و ئافرەتێکی لاو لەماڵەکەدا بوون ، ژنە پیرەکە بە تەواوەتی لە قاچکەوتبوو و ئیفلیج بوو کە تەمەنی لە ٦٥ ساڵ بەرە و سەروو تر دەچوو

ئافرەتە لاوەکە خەریکی خەریکی
پاکردنەوەی ماڵەکە و ئافرەتە بەتەمەنەکە
دایکی بوو ماڵەکە زۆر چەلەنگ و
دەوڵەمەند نەبوون ، نزیکەی سێ
کاتژمێردەبوو لەو ماڵەدا بووم هیچیان
قسەیان نەدەکرد ، ژنە بەتەمەنەکە
خەوتبوو و ئافرەتە لاوەکە خەریکی شێوی
ئامادە دەکرد ، تا نها ماڵەکە نێرینەیەکی
تێدا نەبوو ، هەنگێ ژنە بەتەمەنەکە
کەوتە گۆ بە کچە لاوەکەی ووت :

کچم دەرزی شەکرەکەم و حەبی دڵەکەم
نەماوە چۆن پەیدای بکەین و بیکرین !؟
ئافرەتە لاوەکە ووتی :
دایکە گیان خەمت نەبێت ، دەرمانەکانت
بۆ پەیدا دەکەم ، هەر رێگە چارەیەک
دەبێت .
هەردووکیان زۆر دڵمان بوون ، خەم و
خەفەت لە رووخساریان نیشتبوو ،

ماڵەکە لە ماڵێکی هەژار و پەککەوتە
دەچوون کە دایکەکە جگە لە کچەکەی
کەسی دیکەی شک نەدەبرد ، بۆ
سپێدەکەی کچەکە زوو لە خەو هەڵسا و
شێوی ئامادەکرد بۆ دایکی و پێی ووت :

دایە گیان من ئەرۆمە دەرەوە بە دوای کارێکدا دەگەڕێم هەتا پارەیەک پەیدا بکەم و دەرمانەکانتی پێ بکرم ، ئاگات لە خۆت بێت

کچەکە ئەمەی ووت و لە ماڵ چووە دەرێ زۆر دڵمەند بووم بۆیان و بە ئاواتەوە بووم لەم دیجە رزگارم بێت و بچمەوە ژیانی کەتوا ر ئاگام لەم خێزانە بێت و ئاگام لەم ژنە بەتەمەن و هاریکاری ئەم کچە چەلەنگە بدەم.

وێجا کچەکە نیوەی شەو بوو گەرایەوە ماڵەوە و دەرمانەکانی پێبوو ،

هەر کە دایکەکە زانی درەنگ هاتۆتەوە لە کچەکە تورەبوو و ووتی :
تا ئەم کاتە لە کویّ بوویت !؟ ئەم دەرمانانەت لە کویّ دەست کەوت !؟
کچەکە بە دایکی ووت : دایە گیان خەمت نەبێت خۆ کاری رووسپێتیم نەکردووە ، بۆ ماڵێک کاری پاکردنەوەم دەکرد و درەنگم پێچوو و نها دەمژمێر ٩:٠٠ شەوە زۆر درەنگ نییە ،

وێجا دوای ئەو سەرپاک خوێندنە و
زانکۆیە نها دانەمەراوم و خاوەنی ئیشێکی
خۆم نیم ! و لەمماڵەدا کرێچین و بە
زەحمەت پارەمان دەست دەکەوێت و
کەس کارم پێنادات ئەڵێن تۆ ئافرەتیت
سەرپاک کارێک بە تۆ ناکرێت
بە بیستنی ئەم گفتوگۆیە دڵمەند و
بێتاقەت بووم ، گەلێکم پێناخۆش بوو کە
ئەم خێزانە کەمووسکەیە لە چ حاڵ و
گوزەرانێکدان بۆیە بریارم دا ئەم شوێنە
بەجێبهێڵم چوونکە تەنها دەتوانم سەیری
دیمەنەکە بکەم ناتوانم هاریکاریان بکەم !
بۆیە تاڵووکە وتم :
٣١١٢

گەشتی پێنجەم

هەتاکەی من لەم دیجەدا دەمێنمەوە و
تا کەی دڵمەند بم بەرامبەر ئەم
ڕووداوانە ، زۆرم تەواوکردووە و
قیچکێکم ماوە ، پێم سەیر بوو لە
گەشتەکانی ڕابردوودا تەنها باسی
ئافرەتی دەکرد باسی هیچی تری
نەدەکرد ، ئەمە بۆ !؟ ڕێکەوتە یان لەم
ژیانەدا تەنها ناخۆشیەکان بەرامبەر
ئافرەتن !؟

تۆ بڵێیت من لەخەوندا نەبم !؟ئایا من
لە کەتوارم !؟ ئەی ئاوینەی جادووی
بوونی هەیە !؟ تێفکردنم لەمانە
مێشکمی زۆر جەنجاڵتر دەکرد ، بۆیە
دەستم کرد بە گەشتەکەم هێشتا
سەرەتای تێروارینمە و من خۆم لە
ژوورێکی بچوکدا بینییەوە

که کچێکی هەرزەکار بەرامبەرم
دانیشتبوو بەڵام ئەو سەری داخستبوو
شوێنەکە لە ژورێکی زیادە دەچوو کە
ئاوێنەیەکی شکاو و حەسیرێکی بچووک
و پەنجەرەیەکی بەرزی رزیو و
دەرگایەکی ئاسنی لێبوو، ئاوێنەکە زۆر
بچووک بوو بۆیە زۆر چەلەنگ شتەکانم
نەدەدیت هەروەها زۆر تاریکیش بوو ،
تەنها گوێم لە گریانی کچەکە دەبوو

چەشووری ئێمەو نەهێشتووە ئاخر بۆ
وام لێدەکەیت ، خودا بتکوژێت باشە !
هەی رووسپییەکی بێ ئابروو !
کچەکە بە هەنسکەوە ووتی : بەخودا کاکە
تەنها هاورێین و هیچی تر بۆ هاورێیەتی
کچ و کور جیاوازی چییە !؟ ، هیچ
شتێکی هەڵەم نەکردووە تا تۆ وام
پێدەکەیت .

کورەکە تاڵووکە کەوتە لێدانی کچەکە و
ووت : دیارە کە وازت لە کورە ئەگینا بۆ
قسەیان لەگەڵ دەکەیت ، نەم ووت کە
کور قەدەغەیە کە قسەی لەگەڵدا بکەیت
و خۆتی لێنزیک بکەیتەوە ، لە ئاوایدا
چەشووریت نەهێشتوین باوکم بزانێت
بە دەستی خۆی ئەوخنکێنێت ،

لەسەر ئەم قسانە بەردەوام بوو منیش
نش سەیری دیمەنەکەم دەکرد و پاش
لێدانێکی زۆر و قیژە قیژی کچەکە
کورەکە وەستا لە لێدان و وێجا ووتی :
ئەبێ تا زووە شەرەفی خۆمان پاک
بکەمەوە و نها لە ناوت ببەم خۆت و
ئەو هەتیوەی کە قسەی لەگەڵدا
دەکەیت ،بەڵێ هەر ئەمشەو ئەبێت
بنەی بهێنم .

کچەکە لە هەراسە دەلەرزی و نەدەکەوتە
گۆ لەتاو ئازار و ئەو قسانەی کاکی ، من
لێرەوە توشی هێدمە بووم چۆن ئەبێت
لەگەڵ هەرزەکارێکدا بەو جۆرە
رەفتاربکەیت ، هەڵە بە هەڵە چارەسەر
دەبێت !؟ لە جیاتی ئەوەی بەو شێوازە
لێی بدایە و تورەبوایە دەبوایە
ئامۆژگاری بکردایە و فێری رێگای راستی
بکردایە ، نها نازانم قسەکانی لاوەکە
راست بوو کە دەی وت شەرەفم پاک
دەکەمەوە

کاتکۆ بوو بە ١ نیوە شەو کچەکە بە
هەنسکەوە هەر زوو خەوی لێکەوتبوو ،
لەو کاتکۆیەدا زرنگی دەرگاکە هات و
لاوەکە نزیکی کچەکە بۆوە و دەم و
دەستی کچەکەی دەبەست و بوتڵێکی
گەورە کە دیاربوو بانزینە رشتی بە
کچەکەدا و کچەکە پەلەقاژێی بوو لە بن
دەستیدا ، وێجا سەرپاکی بانزینەکەی
رشت و بە چەرخەکەی دەستی ئاگری
گرتە ژوورەکە و سەپاک سوتا کچەکە هەر
پەلەقاژێی بوو بەڵام تازە کار لە کار
ترازابوو چوونکە بەسترابۆوە و توانای
جوڵاندنی نەبوو و دەگاکەش داخرابوو

من هەراسە بوبوم نەم دەزانی چی بکەم
کۆدەکەم ووت بەڵام لەم شوێنەدا
نەدەرۆیشتم هۆکارەکەم نەدەزانی و
دیمەنی ئەو کچە کە بەرە بەرە خەریکە
دەسوتێ ناخی منیش خەریک بوو
دەسووتا ، باڵام لە هیکەوە ئاوێنەکە شکاو
لاتاو ئەو ئاگرە درشتە و سووتاندنی
تەواوی شتەکان و لەگەڵ شکاندنی
ئاوێنەکەدا هێزێکی درشت وەرکەوت و
منی برد بۆ دیجێکی دیکە و ....



بەشی دووەم

هێزێکی زۆر درشت بوو ، وا هەستم دەکرد کە بەردەبمەوە لە شوێنێکی بەرز وێجا هاتمەوە ئەو شوێنەی کە یەکەم جار ئاوێنە جادوویەکەم بینی ، سەیرێکی بیچی خۆمم کرد لە ئاوی رووبارەکەوە بەڵام هەمان رەگەمای خۆمم نەبوو بەڵکوو وەک و خێوێک رەنگی سپیم گرتبوو ، وێجا قەوێکی بیست کە لە تەشقی ئاسمانەوە دەهات کە لە ئاسمانە شینکییەکە و تەم و مژاویەکە کەسێک بوو دەی ووت :

هەی گەنجۆ بەخێربێیتەوە هیوادارم لە گەشتەکەتدا کاتێکی خۆشت بەسەربردبێت ،ئێستا تۆ لەم ٥ گەشتەتدا تێرامایت لە ژیانی کەسانی دیکە بە تایبەتی ئازارەکانی مێینە بەدەست پیاو سالاریەوە ،بەڵام هێشتاگەشتەکەت بەنەی نەهاتووە ! نها تۆ ناردن بۆ دوو گەشتی دیکە کە جیاواز لە گەشتەکانی رابردووت ، دڵجیچک مەترسە هەڵای نەمردوویت

تووشی نشتێک بووم، دەنگەکە لە
چوارقوورنەی ناوچەکەدا بڵاوبۆوە ، بەڵام
کەسی قسەکەرەکە نە دەتوانرا ببینرێت
و دەستی لێبدرێتبەڵکوو تەنها بەس
دەنگێک بوو کە لە تەشقەوە دەهات و
مەبەستی لە من بوو کە چاوا تارمایی
دەچوو ، هەنگنێ ووتی :

وا مەزانە ئافرەتەکان هەمیشە ستەم لێکراو و مافەکانیان پێشەل دەکەن و بێدەسەڵاتن و ئێمەی پیاو هەرکاتێک کە لەگەڵ ئافرەتدا ژیان بکەین دەیچەوسێنینەوە !، ئەوانیش وەک ئێمەی پیاو باش و خراپیان هەیە ! ، بەڵام بە رێژەیەکی درشت زوڵملێکراون و مافخوراو و چەوساوەن ، ئێستا تۆش گەشت بکەو بزانە قسەکەی من تا چ ئاستێک راستە .

ترس سەراپای گیانمی هێنابۆوە لەرزە و ئۆکسجین لێبرابوو ، داخۆ ئەمە خەونە !؟ دیسانەوە وەڵامم دەست نەدەکەوت ، تۆ بڵێیت لەم گەشتەدا چی ببینم !؟ ئافرەت جۆری دیکەی هەیە !؟ ئەوەی من لەم گەشتەمدا بینیم ستەملێکراوی و ئازاردان و چەوسانەوەی ئافرەتم دەبینی ، وام دەزانی مردووم یان گەشتەکە تەواو بووە بەڵام نەخێر ٢ گەشتی دیکە چاوەڕێم دەکەت و هێشتا زیندووشم بەڵام بە لاشە نا بەڵکوو بە رۆح

تاپۆکە (تارمایی) یەکەدیارنەما و کرد
هەستم کرد کە بە چ خێرایییەک لە
ناوچەکە دوورکەوتەوە و منی کلکرد کرد
بۆ گەشتێکی دیکە و دیار بوو کە
مەبەستی بوو من لە گەشتەکاندا وانەیەک
فێربم ، ئەوەندە دوور تاپۆیی من
دوورکەوتەوە و هێزە تەشقیەکە کە وەک
گێژەلولەیەک منی کێشدەکرد بۆ ئاسمان
و پاشان زەوی سەرم گێژی دەخوارد ،
وێجا منی برد بۆ ماڵێکی دیکە و بۆ
ئاوێنە یەک .

گەشتی شەشەم

ئەم گەشتە لە گەشتەکانی دیکەم جیاوازتر بوو ، چونکە تاپۆوەکە پێی ووت کە ئەم گەشتەت تەواو جیاواز دەبێت لەگەڵ گەشتەکانی رابردووت ، دیسانەوە سروشتی من بوەوە بە ئاوێنە ، هەوڵمدا رووداوەکەی شەوی رابردوو لە بیربکەم ، زۆر بیری باوکمم دەکرد ، ئایا بڵێی باوکم تێفربکاتەوە کە کورەکەی بووە بە ئاوێنە !

یان من لە کەتواردا چیم لێهاتبێت !؟ ماڵەکە زۆر درشت و خۆش بوو وەک و ئەوماڵانەی کە گەشتم تێدا کردبوو ، ماڵەکە هیچ جم و جۆڵێکی لێ نەبوو هەتا سبەینێ کە سبەینێ هات ژنێک خۆی کرد بە ماڵەکەدا و ژنێکی بەژنرێکی ناسکی جوان بوو ، هات بۆ ماڵەوە و سەیرێکی منی کرد و بزەیەکی کرد هەروەکو منی دیتبێت

داخۆ هەر بە راست منی دیت کەوتمە
گومان هەر زوو بەڵام من هەر ئاوێنە بووم
چونکە توانای جوڵاندنی دەست و لاقم نەبوو
،کاتکۆ هێشتا ٩ سەر لەبەیانی بوو ،
ئافرەتەکەماڵەکەی خاوێن دەکردەوە و جار
ناجارێک تەلەفونی دەکرد یان زەنگی بۆ
دەهات ، ئامال ٤ پاش ئێوارەبوو
هاوسەرەکەی هاتە ماڵەوە و ئافرەتەکە
پێشوازیاکی زۆر جوانی لە مێردەکەی کرد ،
بەرجەوەندەیەکی زۆر جوان بوو کاتێک کە
ئەم دوو هاوسەرە چالانگە هاوکاری یەکتریان
دەکرد و یەکتریان خۆش دەویست ،

و کاتێک قسەیان دەکرد من گوێم
هەڵخستبوو لە گفتۆگۆکەیان ، چونکە کاری
من تەنها بینین و بیستن بوو لەگەڵ ئەو
کەمە رۆیشتنەی کە لە جێگۆرکەی ئاوێنەکەدا
دەم کرد ،
'ئازیزەکەم داخۆ شەو بەتەنها بێزارنەبویت
نەخێر ئازیزم ،هەتا درەنگانیکی بەیانی لە خەو
رانەپریبوو.

ئازیزم ببورە بەس کارەکەی منیش بەو جۆرەیە
کە دەبێ ژمارەیەکی زۆر کاتکۆ لە سەر کار بم
ئازیزم ئەوە کەی قسەیە ، کارەکەت لە پێش
هەموو شتێکە

بەراست ئافرەتەکە لە ماڵبوو !؟ یان لە جێیەکی دیکە !؟ بە چاوەکانی خۆم دیتم کە لە ماڵ نەبوو ! داخۆ بۆ بە هاوسەرەکەی ووت کە لە ماڵ بووە ، پێم سەیر بوو ، ئاخر من هەرگیز ژیانی ئافرەت و رەفتارەکانیانم نەدەناسی و تەنها ئەوانەی دیتم لەم گەشتەمدا ئافرەتانێکی ستەم لێکراوبووون ، وێجا دوایی کاتکۆیەک پیاوەکە لە ماڵ چووە دەرەوە و ماڵەکەی بەجێهێشت ، دوا بەدوا کە چەند کاتکۆیەکی کەمی لە نێوانیدا بوو ئافرەتەکە ماڵەکەی بەجێهێشت ، لەم بەرجەوەندە تێنەدەگەیشتم کە بۆچی بەو شێوەیە !

و بێ ویستی خۆم گوێم لە تەواوی گفتوگۆی ئافرەتەکەو بەرامبەر بوو ، بەڵام بەداخەوە هەر زوو زانیم کە قسەکەری بەرامبەر هاوسەرەکەی خۆی نییە و خیانت لە هاوسەرەکەی دەکرد ، داخۆ لەبەر چی وای دەکرد

و کاتێک هاوسەرەکەی هاتەوە وەک رۆژی
رابردوو دەم بەخەندە و روو کراوە بوو، کاتێک
دوای نانی شێوێ دانیشت کەمێک گفتوفۆیان
دەکرد ، وێجا پیاوەکە بە ژنەکەی ووت :
ئەو مۆبایلەت لە کوێ کریت ؟!
گیانەکەم پارەکەم لە هاورێیەکم وەرگرت ،
دوایی تەواوبوونی قیستەکە پارەکەی بۆ
دەگێرنمەوە .
ئاخر زۆر نرخەکەی بەرزە چۆن !؟
چارەیەکی بۆ دەدۆزمەوە ، خەمت نەبێت
بەم شێوازە کۆتایی بە گفتوگۆکە هێنا

ئامال ٤٨ کاتکۆ بوو لەم ماڵەدا بووم لە
خێزانێکی بەختەوەر و پارەدار دەچوون و
یەکدییان خۆشدەویست کاتێک یەکتریان
دەدیت ، تۆ بڵێی ئەمە بۆ چاوبەستنی یەکدی
بێت ، ئای چەندە خۆشە کە مرۆڤەکان لە
قسەکانیان بچێت ، چەندا هەستێکی ناخۆش
بوو کاتێک کە هاوسەرەکەی هاتە ماڵەوە و
ژنەمەشی بە گیانەکەم دەیلاواندەوە و درۆیان
بۆ یەکدی دەکرد ، بۆیە بەرگەی ئەم رووداوەم
نەگرت و کۆدی ٣١١٢ ووت ، باش بوو زوو کاری
خۆی کرد !



گەشتی حەوتەم

له پێشمدا کچێکی گەنجم دەدیت کە دەگریا
هەرچەندە هەر کچێکم بینیبێت هەمیشە
گریاوە ، کچەکە سکاڵای خۆی دەکرد بۆم و
باسی چیرۆکەکانی خۆی بۆ دەکردم کە چۆن
پاکیزەیان و ژیانیان لە ناوبردوو بە هۆی
دەستدرێژیەکەوە ! ، بە گریانەوە سەری
ئاوێنەکەی دەکرد و قسەی بۆم دەکرد ، نەی
دەزانی دڵی خۆی بۆ کێ بکاتەوە و کێ
ئاگەداربکاتەوە !؟ داخۆ خێزانەکەی ئایا
باوەریان پێدەکرد کە بە زۆرە ملێ بووە !؟ یان
بەرامبەر یاسا

ئایا کێشەکەیان بۆ چارەسەردەکرد یان
بۆیان گەورەدەکرد و لە تۆرە
کۆمەڵایەتیەکان و لە پەخشی
تەلەفزوێنەکاندا پەخشیان دەکرد و
چەشوریان دەبرد ، یان بە
رێکخراوەکان بڵێم کاتێک هیچیان
بەدەست نییە !

قسەکانی کچەکە بەم شێوازە بوو ، کە
لە تاو خەمباری خۆی هەموو شتێکی
پێچەوانە کردبۆوە ، هەروەها باسی
دەکرد کە   ئەم کارە قێزەونە لەلایەن
کەسێکی نزیکی خۆیەوە کرابۆوە
سەری ، باسی زۆر شتی دەکرد باسی
ئەو ئازار و نارەحیەتیەی ویژدان ،
باسی ئەو مامەڵانەی کە خێزانەکەی
بەبێ هۆ و بەبێ لێپرسینەوە
لەگەڵیاندا دەکات و ، ئەو کێشە
دەروونیانەی کە رووبەرووی دەبۆوە
لەبەرامبەر کچ بوونیدا

، ئەم دەزانی تەنها لە ژوورەکەدا منی
لێم یان کەسێکی تر ! ئەگینا بەو
شێوازە قسەی دەکرد کە کەسێکی
راستی لە لایەتی ، هەندێ کات گومانم
لە خۆم بوو دەم ووت تۆ بڵێی هێشتا
ئاوێنە بم !؟
دوای تەواوبوونی قسەکان کچەکە
خامەیەکی گرت بە دەستیەوە و هەندێ
شتی نووسی

ویێجا شوشەیەکی خواردنەوەی شکاند
و هەوڵی لە ناوبردنی خۆی دەدا !
دواتر زانی شوشەی خواردنەوەکە
کاریگەری لەسەری نییە ، لە ژوورەکەدا
دەهات و دەچوو ،من دڵم لە
مەچەکمدا بوو ، دەسەڵاتی هیچ
شتێکم نەبوو و نەم دەتوانی رێگری
لێبکەم !!!!
دواتر هات بەرەو رووبەرووم و بە هەموو
هێز و توانای خۆی کێشای بە من دا و ،
ورد و خاش بووم !

بەشی سێهەم

بەشی سێهەم

له ناکاو کەسێک هات بە هانامەوە

گەشتەکەت خۆش بوو گەنجۆ ؟

*بۆ بەو شێوازە کۆتایت بە چیرۆکەکە هێنا !؟ *

* گەشتی شەشەمت چی تێبینیت کرد !؟*

*باشە بۆچی تەنها لەو گەشتەدا باسی خراپی ئافرەتت کرد !؟ *

*لەبەر ئەوەی نەزانی هەموو ئافرەتێک
زوڵملێکراوە ! و ئافرەت باش و خراپیشی هەیە
وەک ئێمەی پیاوان *
*باشە بۆچی تەنها لە گەشتەکەمدا باسی
ئافرەتت دەکرد !؟*
* چونکە ئێمەی پیاوان بێ ئاگاین لە ژیانی

*لەبەر ئەوەی نەزانی هەموو ئافرەتێک زوڵملێکراوە ! و ئافرەت باش و خراپیشی هەیە وەک ئێمەی پیاوان *

باشە بۆچی تەنها لە گەشتەکەمدا باسی ئافرەتت دەکرد !؟

* چونکە ئێمەی پیاوان بێ ئاگاین لە ژیانی

ئافرەتان *

* چارەنووسی ئەو ژنانە چی لێدێت !؟*

ئەمە ژیانە ئیتر ، بیرت بێت تۆ لە وڵاتێکی پیاوسالار دەژیت !

ئەی کەی من دەگەڕێمەوە بۆ ژیانە ئاساییەکەی خۆم !؟

پەلەتە !

*بەدڵنیایەوە پەلەمە ، دەمەوێت بگەرێمەوە

ژیانەکەی خۆم و هەواڵی باوکم بزانم *

*فەرموو ،. بگەرێوە بۆ ژیانەکەی خۆت بەڵام پێش

ئەوە با کەمێک لەسەر مێژووی ئاوێنە بۆت بدوێم

ئاوێنە کە

ئامرازێکە کە بە هۆی لووس و ساف بوونی

ڕەنگدانەوەی زۆر لەسەر خۆی، وێنەی شتەکان

دەردەخات

تیشکەکانی نووری ڕەنگدراوە لەسەر ئاوێنە لە خاڵێک دا بە ناوی خاڵێ تیشکۆیی ئاوێنە پێک دەگەن. بە پێی جۆری ئاوێنەکە و دووری شتەکان تا ئاوێنەکە، مەودای خاڵی تیشکۆیی ئاوێنە دەگۆڕێ و جیاوازی پەیدا دەکا.
کۆنترین نیشانەکانی ئاوێنە دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین کە لە ئاناتۆلی دیتراوەتەوە. دوای ئەوە لە ٤٠٠٠ی پێش زایین دەکرێ ئاماژە بە مێزۆپۆتامیا بکرێ.

لە میسری کۆن کۆنترین نیشانەی هەبووەی
ئاوێنە دەگەڕێتەوە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین،
هەروەها نموونەیەکی تر لە ئاوێنە کە
دەگەڕێتەوە ٣٠٠ ساڵ پێش زایین هی ئێران و
سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی هەخامەنشیە کە بەرد
و ئاسنیان ئەوندە دەساوی تاکوو لووس دەبوو،
نموونەکەی ئێستا لە کۆشکی تەختی جەمشید
هەیە.
و بۆ یەکەم جار کە ئاوێنە بەکارهاتبێت
مێژووەکەی بەم شێوەیە بووە .

له کۆندا ئاوێنه له کانزای زاخاودراو دروستکراوه، ئاوێنەی تازەش له پارچەیەک شوشەی زاخاودار دروست دەکرێت بە لێدانی چینێک زیو له پشتەکەی، بەڵام شوشه به تەنیا خۆی، ئاوێنه نییه و، ئەو ڕووەی که تیشک و وێنەکان ئاوەژو دەکاتەوە زیوەکەیه، تەنیا ئیشی شوشەکەش پاراستنی زیوەکەیه له کرِان و پیس بوون.
ناتوانین دەستنیشانی بکەین مرۆڤی کۆن کەی بیرۆکەی ئاوێنەی دۆزیوەتەوە، بەڵام دەبێت ئەویش هەر وەک ئێمه سەیری گۆمە ئاوێکی کردبێت و وێنەی خۆی تیادا بەدی کردبێت یان دەشێت به ڕێکەوت تێبینی کردبێت

که ڕووی کانزایەکی زاخاودراو وێنەکان ئاوەژودەکاتەوە، یان دەشێت کانزایەکی بڕیبێت و بە چەندین شێواز زاخاوی دابێت بۆ ئەوەی ئاوێنە لێ دروست بکات.

سەرەتای شارستانییەت لە یۆنان و میسر و ڕۆمای کۆن مرۆڤ وەک شتێکی بەسود ئاوێنەی قبوڵ کرد،

تەنانەت خەڵکی ئەو سەردەمە ئاوێنەی بچووکیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت کە لە زێڕ و زیو و بڕۆنز دروست کرابوو.

ئاوێنە لە کۆندا خەڵکی ئەفسوناوی کردبوو، چونکە نەیاندەزانی چۆن ئیش دەکات، بۆیە بڕوایان وابو هێزێکی ئەفسوناوی تێدایە، بەڵکو گومانیشیان وابوو ئەو وێنەیەی کە تیایدا دەیبینن گیانیانە، لەمەوە بوو پڕ و پوچی لەسەر شکاندنی ئاوێنە دروست بوو، ئەگەر کەسێک بڕوای وا بوایە شکاندنی ئاوێنە ئازاری گیانی دەدات

خەڵکی شاری ڤینیسیا "النبدقية" یەکەم
کەسانێک بوون فێربوون، چۆن ئاوێنە لەسەر
شوشە دروست بکەن، کە ڕوویەکی بۆیاخکرابێت
بە جینێک جیوە یان توتیا.
نزیک ساڵی ١٣٠٠ خەڵکی ئەم شارە دەستیان کرد
بە دروستکردنی ئاوێنە بە ڕێژەیەکی زۆر کە لە
ماوەیەکی کورتدا جێگەی ئاوێنەی کانزای
گرتەوە کە هەزاران ساڵ بوو بەکار دەهێنرا.

خەڵکی شاری ڤینیسیا "النبدقیة" یەکەم
کەسانێک بوون فێربوون، چۆن ئاوێنە لەسەر
شوشە دروست بکەن، کە ڕوویەکی بۆیاخکرابێت
بە جینێک جیوە یان توتیا.
نزیک ساڵی ١٣٠٠ خەڵکی ئەم شارە دەستیان کرد
بە دروستکردنی ئاوێنە بە ڕێژەیەکی زۆر کە لە
ماوەیەکی کورتدا جێگەی ئاوێنەی کانزای
گرتەوە کە هەزاران ساڵ بوو بەکار دەهێنرا.

*نرکە بووم دەربارەی ئەم هەموو زانیاریە لەسەر ئاوێنە *
ئێستا بۆ کۆتا جار کۆدەکەو بڵێ و بگەرێوە بۆ سروشتی مرۆڤ بوونت
*سوپاس ، بە نیازی دیدار *
*هاهاهاهاها ، من هەمیشە چاودێریت دەکەم و دەتبینم *
چۆن !؟
تۆ چۆن چاودێری خەلکاندت دەکرد منیش هەروەها بەڵام ئەوە سروشتی منە و ، من رۆحی ئاوێنەم ، بەڵێ من سەرۆکی ئاوێنەکانم !

گەڕاندنەوە !

خەون بوو یان راستی ؟ ئێستا من لەکوێم نەم
دەزانی ماوم یان مردوو ! کەمێک چاوم کردەوە
سەرەتا هیچ شتێکم نەدەدیت وێجا گوێم لە
دەنگی کۆمەڵێک کەس بوو! پێم سەیر بوو .
کەواتە هێشتا زیندوم و دەتوانم بژیم و
بگەرێمەوە ژیامە سەرەتایەکەی ترم ، بەڵام
لەکوێم چۆن لەسەر کەناردەریاکەوە هاتمە ئەم
شوێمە کە مرۆڤی تییدا چالاکە !؟ وردە وردە
هەستی بینینم بۆ روونتر بۆوە . تێرامام من لە
نەخۆشخانە بووم !

چۆن !؟ پاش کاتکۆیەک دکتۆریک هات و بە
کونج و کۆڵیەکەوە تەماشای کردم .
کەی بەهۆش هاتویتەوە !؟
نزیکەی دوو کاتکۆیە ، بەڵام دەنگی خۆمم
نەدەبیست!
پێم وتی چەند کاتکۆیە !؟ بە زەقی سەیری کردم و
ووتی
دەنگم وەک کۆترێکی باڵ شکاو کە لە ناو
قەفەزێکدا کە توانای جوڵاندنی نەبێت
نەدەکەوتمە گۆ،
چەند جارێک دوواپاتم کردەوە بەڵام دەنگم
نەدەبیسترا ، بە هێمای دەستی تێمگەیاند کە
ناتوانم قسەبکەم ،

پاشان ئەم دەتوانی هەڵستم و جوانتر لەگەڵ دکتۆرەکاندا گفتووگۆ بکەم ، بە هەر جۆرێک بێت تێم گەیاند کە بۆ لێرەم !؟
نزیکەی ٥ ساڵ دەبێت کە لە نەخۆشخانەیت ، ماسیگرێک تۆی دۆزیبووەوە بە بێهۆشی وێجا بۆ ماوەی ١٤ رۆژ باوکت بە دیارتەوە بوو پاشان بە تەنها مایتەوە .ئێمە بەهیچ جۆرێک لە تۆ تێنەدەگەیشتین ، چەندین دکتۆر و توێژینەوەمان لەسەر کردیت بەڵام هیچ شتێکمان بۆ روون نەدەبۆوە ، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا تەنها ئۆکسجین و ژیناو(موخەزی) مان بۆ بەکارهێناویت

که ناوی باوکمی برد دڵ داخورپا و هەموو قسەکانیم فەرامۆش کرد جگە لە وشەی باوکت و گیانم کەوتە لەرزی ، چۆن دوای ئەو ماوە کورتە ٥ساڵ دەکات !؟ باشە کوا باوکم !؟
بە هەڵەداوان ویستم خۆم راست کەمەوە و بە دکتۆرەکە بڵێم باوکم لە کوێیە چی بەسەر هاتووە ، بە زاحمەت تێمگەیاند ، پاشان وتی
زۆر خەمی بۆتۆ دەخوارد و کەس نەی دەزانی تۆ بۆ لەو کەنار دەریایە کەوتویت و چیت بەسەر هاتووە بۆیە بەرگەی نەگرت و ...... بەداخەوە

توشی نشێکی زۆر بووم ، ئەم هەموو کارەساتە لە دوای چی !؟ بۆ کۆتا جاریش نەم دیت ، چەند خەمم دەبێت بە باوکم ! هەموو هۆکارەکە خۆمم ، ئەگەر دەستکاری ئەو ئاوێنە جادوییەم نەکردایە ئەوا نە ئیفلیج دەبووم و نە توانای قسەکردنم نەدەما و نە لەدەستیشم دەدا !

دوای تەواوبوونی قسەکان و هەندێ پشکنین ، ناردیانم بۆ ماڵەوە چونکە هیچ کێشەیەکم نەبوو ، تاکە کێشەی من کە نەیان دەزانی ئەوە بوو کە من گەشتی ئاوێنەم کردبوو

هەرچەندە وانەیەکی زۆر باش بوو بۆ من بەڵام
هەندێک زەرەری لە گەنجی و باوکم دا ،
کاتێک بۆ یەکەم جار دوایی ئەو هەموو ساڵە
گەرامەوە ماڵەوە ، وەک جاران بوو هیچ
گۆرانکارییەکی گەورەی تێدا نەبوو ، جگە لە
یادگاریەکان ، پاڵم بە ئامێری کورسییە کارەبایەکەوە
دا تا کەمێک سەیری میچی خۆم بکەم ،
لەیەکەم بینینی خۆم تاسام دوایی ئەو هەموو
ساڵە سەر و سیمام زۆر گۆرابوو ، تەنانەت خۆمم
نەدەناسیەوە ، کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ سەیری
ئاوێێنەکەم دەکرد ، تاپۆکەم دیت داچڵەکیم ،
سەیرێکی کردم و ووتی :

دەزانی بۆ ناتوانی قسەبکەیت !؟
سەرم بادا بە نیشانەی نەخێر
تاوەک و نهێیەکان لای کەس نەدرکێنی و تۆ
کۆتاکەس بوویت کە چویتە ڕۆحی ئاوێنەوە !
قسەکانی کرد و رۆیشت
ئەتوت لەناو خەونێکدا بووم ، هەموو گیانم ئاوی
پێدا دەهاتە خوارەوە ، کەچی سەرمام بوو !
دوای تەواوبوونی ئەو رووداوە
من ......

ئێستا منێکی ڕەشهاتوو و بە
ئاڵۆسکاوەوە و بە کورسیەکی
خاوەنپێداویستی تایبەتەوە و کە
توانای قسەکردن و جورئەتی
سەیرکردنی ئاوێنەم نییە ، بە
خەمۆکیەکی زۆرەوە هەم بیر لە
رابردوو هەم لە گەشتەکەم
دەکەمەوە و کە لەبەردەم کەنار
دەریا دا چاوەڕێی خۆرئاوابوونی
تەمەنم دەکەم



کۆتایی

کۆتا ووتە

ئاوێنە چیرۆکێکی خەیالییە کە باس لە
ئازارەکانی ئافرەت و ژن بوون دەکات .
هەروەها هەندێک وردەکاری و بابەتم
نەنوسیوە بۆ خوێنەری دووەمم بەجێهێشتووە
کە بزانێت ئامانجم لەم نووسینە چۆنای بووە
، و لێرەدا خوێنەر ئاشنا دەبێت بە ژیانی
مێینە و ئازارەکانی ئافرەت و رووەکەی
دیکەی ئافرەت لەگەڵ ئەوەدا هەندێ وشەی
پەتی کوردیم بەکارهێناوە مەبەستی زیاتر
دەوڵەمەندکردنی وشەکان

و جوانی زمانی کوردی وتۆکمەی و
بەهێزی ئەم زمانە بەو شێوەیە دام
ڕشتووە ، هەروەها مەرج نییە ئەم
ڕووداوانە ڕاستی بن یان بەسەر خۆم یان
کەسێکی نزیکی خۆمدا هاتبێت یان
شکاندنەوە و نزمکردنەوەی پیاو و نێرینە
. چونکە ئێمە تەواوکەری یەکترین و بە
. یەکسانی و ئازادی لە دایک بوین

ئەم ڕووداوانە لە کۆمەڵگادا بونیان هەیە و
ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە هەروەها
کوردستانیش وەک هەر وڵاتێکی دیکەی
جیهان بەدەر نییە لەم ڕووداو و حاڵەتانە
کە بەداخەوە ساڵانە چەندین مێینە و
ئافرەت بەدەست پیاوسالارانەوە کوژراون ،
لە کۆتایدا هیوادارم توانیبێتم پەیامەکەم
بگەیەنم و کەمێک لە ئازارەکانی ئافرەت و
ئافرەتبوون بخەمە بەر چاوی خوێنەر
هیوادارم چێژت لێبینیبێت :)

2021
short story
mirror spirit
ayashirwan